www.kurdistannet.org

## قەڵەمێکی سەرکێش

پیاوی ڕۆژهەڵاتی گوێ لە ژنەکەی دەگرێت، بەڵام بە قسەی ناکات. من ئەوی بە ساتیرم سەرسام نەبێت، نەک هەر بە قسەی ناکەم، گوێشی لێ ناگرم. کێ ڕەخنەی توندی لێم هەیە، با بڵاوی بکاتەوە، وەلێ مەرج نییە بیخوێنمەوە. هەموو دنیا دژم بێت، من هەر لەسەر بەزمی خۆمم و هەر ئەوە دەنووسم کە خۆم دەمەوێت، ئەگەر کەسێکیش لە دڵسۆزییەوە خوازیارە واز لەو جۆرە نووسینە بهێنم، ئەوا با قسەی خۆی لە گابەرد نەدا، یەک سەدە قسەم بۆ بکات، یەک وشەی سادە ناگۆڕم، چ جای لێکدراو. لێرە وەک لای خۆمان نییە، وەخت پارەیە، با سامانی خۆی بە فیڕۆ نەدا.

بە لای منەوە ئەوە گرنگ نییە هەمیشە لەسەر هەق بم، گرنگ ئەوەیە هەمیشە بوێرم چی بە هەق دەزانم، بینووسم. بە هەموو ئەوانەی بە هەر بیانوویەکەوە هەوڵی دەمکوتکردنم دەدەن، دەڵێم: من بتی خەیاڵی خۆم دەپەرستم، نەک خوای واقیع. من دژی زیندانی کەلەپوور، بڕیاری زۆربە و بیروڕای باوم، من لەگەڵ خۆڕسکی و یاخیبووندام و لەمێژە پێوانە باوەکانم بە گەوڕی مێژوو سپاردووە.

کە لە بە لای لیڤی شتراوسەوە، ‹لە نووسیندا کەس ئازاد نییە، هەر کەسێک دەگریت ملکەچی کۆمەڵێک ڕێسایە، نەستیدا خۆیان حەشار داوە، بۆیە ئەوی پێی وابێت سەربەستانە دەنووسێت، بە هەڵەدا چووە و ڕاستییەکەی لەژێر کۆنترۆڵی کۆمەڵێک ڕێسای پێش وەختدایە.› ئەوە من بووم دەرگای ئەو بۆچوونەی شتراوسم لە گرێژەنەوە دەرهێنا، ئاخر من سەرم بۆ هیچ ڕێسایەکی سەپێنراوی دێرین و نوێ، ئامادە و ون، نووسراو و نەنووسراو، نەوی نەکردووە و ناکەم.

هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە، دەقێک با بە لای منیشەوە پیرۆز بێت، بە پۆخڵی بزانێت، بەڵام کەس بۆی نییە، هەوڵی سڕینەوەی دەقێک ‹با بە لای خۆیشیەوە پۆخڵ بێت،› بدات. با کەس خەمی من نەخوات، خۆم زۆر چاک دەزانم، چی دەنووسم و چی نانووسم. هەموو وشەیەک بەو پەڕی ورياییەوە هەڵدەبژێرم و دەزانم لەبەر چی لە فلان ڕستەدا، فلان وشەی دیاریکراو بەکار دەهێنم و پەنا بۆ هاوواتایەکی دیکەی نابەم.

مایەی داخە ڕێ دەکەوێت، ئەگەرچی زۆر بەدەگمەن، تەنانەت منیش هەڵە بکەم، بەڵام وەک لە ئەنجامی ئەزموونێکی درێژەوە بۆم دەرکەوتووە، ئەوە تەنیا خۆمم کە دواتر هەست بە هەڵەی خۆم دەکەم، ئاخر هەڵەی من گەلێ لەوە وردترە، کەسانی درشتبین دەرکی پێ بکەن. ژمارەیان لە دەنکی هەنار و ناوکی شووتی زێترە ئەوانەی خەو بەوەوە دەبینن، بوێرن وەک من ڕاستییەکان بدرکێنن، کە زات ناکەن، ئێرەییم پێ دەبەن و دژایەتیم دەکەن. بیست ساڵ زێترە باجی ڕاستگۆیی و بوێریی خۆم دەدەم.

قینتان لە منە کە باسی لایەنە پۆخڵەکانی ژیانتان دەکەم، دەبوو قینتان لەوە بووایە ژیانی پۆخڵ کردوون. تا دەمرم بە تەنیا گۆرانی دەڵێم، دوور لە گرووپ. بە تەنیا دەفڕم، دوور لە پۆل. بە تەنیا دەخەبتم، دوور لە شۆڕش. بە پێچەوانەی ڕێڕەوی ڕووبارەوە مەلە دەکەم. دژی خواستی با شەن دەکەم.

چارەکە سەدەیەکە سەرقاڵی ڕەخنەی ئەدەبیم، کەچی کەسی وا کە بە درێژایی ژیانی وتارێکی لەو بوارەدا نەخوێندووەتەوە، ڕێنوێنی ئەدەبیم دەکا، جا توو خوا ناهەقمە ئەگەر لەگەڵ ‹نالی›دا بڵێم: ‹ئەمە حومقێکە عەلاوەی کەرییە؟›‹١› ‹ناچارم مەکەن هەر سەرقاڵی داکۆکیکردن بم لە قەڵەمەکەم، لێم گەڕێن پێی بنووسم.›‹٢›

حەمەسەعید حەسەن

‹١› بە ڕیا باری تەکالیفی ڕوسوومی بۆ خەڵق

چ دەکێشی؟ ئەمە حومقێکە عەلاوەی کەرییە. ‹دیوانی نالی، ل: ٥٨٦›

‹٢› ل ٨٤ و ٨٥ی هونەری ڕاوەژن.